# شارستانی قیڕ و شووشە

پێناسەی شار لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوەزە و هەر شارستانیەك پێوەری تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەوەی شوێنێکی چڕ لە دانیشتوان بە شار بناسرێت، بەڵام بە گشتی هەر شوێنێك ئەگەر بە شار ئەژمار بکرێت، دەبێت لانی کەم ژێرخانێکی ڕێك و پتەوی هەبێت، کە ئەویش بۆ نموونە، بریتیە لە ڕێگاوبانی گشتی، هێڵی ئاسنین، دەزگای پۆستە، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی، سیستەمی گەیاندن، زێراب و وێستگەی کارەبا.

بێجگە لە ژێرخانیش، هەر شارێك دەبێت کۆمەڵێك دامەزراوەی ئیداری و کولتوریی هەبێت وەك باڵاخانەی شارەوانی و مۆزەخانە و گەلەری نیشتیمانی و شانۆ و شوێنی تری ڕۆشنبیری.

ئەمڕۆ ئەگەر سەیرێکی شاری هەولێر بکەی، زۆر بە ئاسانی دەتوانی ببینی کە ئەم شارە چەند خەسلەتێکی شارێتی پەیداکردوەو، بەتەواوی گۆڕاوەو گەشەکردنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، لە فراوانکردنی شەقامەکان و دروست کردنی پارکی جوان و ڕازاوە، بەدەیان پڕۆژەی گەورە سیمای شارەکەیان گۆڕیوە و جێی دەستخۆشی و سوپاسکردنە.

شاری هەولێر لەبەرئەوەی دەکەوێتە چەقی کوردستان و پێتەختی هەرێمیشە، دەبێت پێشکەوتن و گەشەپێدانی شارەکە، هەموو بوارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی و ئابوری بگرێتەوە، پێتەخت نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی گەل دەکات، بۆ هەر هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمە وەك یەکە، هەر چەندە گومان لەوە نیە کە خەڵکی هەولێر خەڵکێکی نیشتیمان پەروەر و دڵ گەورەیە، وە سەلماندویانە کە شارەکەیان هی هەموو خەلکی هەرێمە بێ جیاوازی و، هەر کەسێک ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش لەم شارە ژیابێت، ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ و وا هەست دەکات خەڵکی شارەکەیە، بە کورتی، باسەکەم لەسەر هەولێر و خەڵکەکەی نیە، بەڵکو لە سەر چۆنیەتی گەشەکردنێتی.

جا لێرەدا زۆر بەپێویستی دەزانم ئامازە بە هەندێك خاڵ و سەرنجی گرنگ بکەم دەربارەی پرۆسەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی شاری هەولێر، کە پێموایە لە هەندێك بوار، بە ئاڕاستەیەکی نادروست هەنگاو دەنێت.

یەکەم لە بواری ئیداری، بۆ نمونە ئەگەر یەکێك خەڵکی هەولێریش بێت، ناتوانێ بە ئاسانی فەرمانگەی شارەوانی، یان فەرمانگەی باج بدۆزێتەوە، چونکە زۆربەی فەرمانگەکان بەسەر چەندین باڵاخانەی بچووك و ماڵان دابەشکراوەو، ئەگەر هەر مەعامەلاتێکی سادەشت هەبێت، ئەوا دەبێت پەنا ببەیتە بەر پارێزەرەکان تاکو بۆتی جێبەجێبکەن، چونکە ئەم جۆرە کارانە بۆتە پیشەی ئەوان و شارەزاییەکی تەواویان لە دۆزینەوەی ئەم فەرمانگانە پەیدا کردوە، بە کورتی هیچ سیستەمێکی ئاسانکارییان تێدانەکراوە، وەك ڕێنمایی پێویست یان هەبوونی سەرەیەك بۆ

ڕاپەڕاندنی کاری هاوڵاتیان بە یەکسانی، دانانی فەرمانگە لە ناو ماڵان و باڵاخانەی بچووك بە ڕای من دوو هۆکاری سەرەکی هەیە، یەکەم بۆ ئەوەیە،کە فەرمانگەی حکومی هەیبەت و سیمبولی لە بارەگا حزبیەکان زیاتر نەبێ و دووەم بۆ ئەوەیە کە هەندێك لە مەسئولانی حزبی، خۆیان خاوەنی ئەم خانووانەن و بە کرێیەکی چەور دەیدەن بە حکوومەت، بە مانەیەکی تر حکومەت کرێچییە لای حزب.
دووەم خاڵی ئەم بابەتەم ناونانی شوێنە گشتیەکانی هەولێرە، زۆربەی گۆڕەپان و شەقامی گشتی و پارك و پرد و هۆڵەکان، بە ناوی ئەدەبیات و شەهیدانی پارتی کراوە، وەك ئەوەی ، ئەم شارە دێرینە لە سەردەستی ئەوان دروست کرابێت.
ناونانی شوێنە گشتیەکان بە تایبەتی لە هەولێر، چونکە پێتەختە، دەبێت ڕەنگدانەوەی گشتی کۆمەڵگە بکات، لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مێژوویی و سیاسی و سروشتی و ڕۆشنبیری، دەبێت ئەو کەسایەتیانەی کە زیاترین و گرنگترین خزمەتیان بەگەل کردوە هەلبژێردرێن، بێ هیچ فەرق و جیاوازییەکی حزبی، ناوچەیی یان خزمایەتی.
هیچ حزبێك ئەگەر خاوەنی خەبات و تێکۆشانێکی زۆریش بێت، ئەو مافەی نیە بە کەیفی خۆی بەتەنیا ناوەکان بگۆڕیت، یان ناوی نوێیان لێ بنێت، پێویستە ئەم کارە بۆ مێژوونووسان و ڕۆشنبیرانی بێلایەن جێبێڵن.
گرنگترین خاڵیش کە لێرە دەمەوێ جەختی لەسەر بکەم، لایەنی کولتوری و ڕۆشنبیری ئەم شارەیە، کە بەتەواوی فەرامۆشکراوە و هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە، بە پێچەوانەوە بەڵکو بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، شار تەنیا بە قیرو شووشە پێشناکەوێت، شارەکە خەریکە نوقمی دوکان و مۆل دەبێت، لەباتی کردنەوەی سینەمای نوێ و پێشکەوتوو، ڕێگەدرا کۆنترین سینەمای شار بڕوخێندرێت و ببێتە شوێنی بازرگانی، هەر چوار دەوری یاریگەی فرەنسۆ هەریری بە مۆڵ و دوکان و چێشتخانە پڕکراوەتەوە، مەلەوانگەی حکوومی تێکدراوەو مۆڵی ئەهلی جێگای گرتۆتەوە، گەراجی پاسان کراوە بە مۆل.
ئاستی ڕۆشنبیری و هونەری لە چاو ساڵانی پێشوو زۆر دابەزیوە، ساڵانێکی زۆرە هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی ئەم شارە، نەیتوانیوە تاکە شاکارێکی هونەری گەورەو سەرکەوتو ئەنجام بدەن، وەك دراما، شانۆ، پێشانگا و فیستیڤالی هەمەڕەنگ.
سەبارەت بە پەرەپێدانی کولتوری لە هەولێر، چەند کۆشکێك بە ناوی هونەر و ڕۆشنبیری کراوەتەوە، ئەمانیش جگە لە بەرهەمهێنانی فەرمانبەری بێ ئیش، هیچ چالاکیەکی بەرچاوی کولتوریان نیە.
شار دەبێت هەمەڕەنگ و فرەلایەن بێت، دەبێت تا زووە بایەخ بدرێت بە چالاکی کولتوری و ئەو بودجە زەبەلاحەی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری خەرج دەکرێت، بدرێت بە چینی ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە، نەك ئەو کەسانەی بازرگانی بە هونەر دەکەن، لە

کۆتاییشدا پەیامم بۆ بەرپرسانی ئەم شارە، کە هەوڵ و ئامانجیان ئەوەیە هەولێر بە دوبەی بچێت، کەمێك هەوڵبدەن، هەولێری گوتەنیی( قیچەکیش بە قاهیرەی بچی) لە لایەنە کولتوریەکەی.
یونس حمد رشید